




# بەشێک لە دیمانە و وتارەکانی

## هاوڕێ شیوا مورادیان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


١- تا ئازادی.................................................................................................................... ٣

٢- پێگەی ژن لە حیزبی دیمۆکراتدا................................................................................ ٥

٣- دوکتور قاسملوو، خۆرێک بێ ئاوابوون........................................................................ ٧

٤- دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ.......................................................................................... ١٠

٥- ئایا کۆماری ئیسلامی ئامانجی خۆی پێکا؟.................................................................. ١٣

٦- بەندکردنی ئازادی! ...................................................................................................... ١٥

٧- هەڵبژاردەی لاوان.......................................................................................................... ١٨

٨- چی روودەدا کە لە نێوان ١٠ قوتابی کچ ٣ کەسیان لەقۆناغی دوواناوەندیدا واز لە خوێندن دەهێنن؟................ ٢١

٩- شەترەنجی شێتان.......................................................................................................... ٢٤

١٠- کۆساڵان، چیرۆکی هەرمانی خاک و خوێن.................................................................. ٢٦

١١- ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا - دیمانە - .......................................... ٢٩

١٢- فەلسەفەی «دوژمنسازی» و قەیرانی ڕەوایی لە سیستمە ئایدیۆلۆژییەکاندا.......................................... ٣٨




## تا ئازادی.....




**خوێن دەدەین بۆ قامەتی بەرزی داری شکۆی گەل کە هەردەم بەنەمری بمێنێتەوە**

**وانەکانی ڕێبەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان لەم قۆناغە لە خەبات و نیشتمانمان هەوێنی مانەوەی نەتەوەکەمانن و سەرقافڵەن بۆ خەبات و گیانفیدایی.**

**لەسەرجەم ڕێورەسمەکانی تایبەت بە خاکسپاری شەهیدانی نیشتمان باوکان و دایکان و منداڵەکانی شەهیدان، هێمای خۆراگری و کۆڵنەدانن و هێزی بەهێزی بەردەوامی ئەم شۆرشە پرشکۆیەن.**

**دایکی شەهید کاتێک پڕ بە گەرووی هاوار دەکات و دەڵێت پێشکەشی دەکەم بە کوردستان، کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم**

**کاتێک باوکی جگەر سووتاوی شەهید دەڵێت منداڵی من بە قوربانی ئەو ئازادییە بێت بە قوربانی ئەو نیشتمانە بێت.**



سەرچاوە Serchawe

تەنیا یەک شتم دێتەوە بیر وتەیەکی کاک دوکتور شەرەفکەندی کە دەفەرمێت:

با دایکانی کوردستان رۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕ لە خۆشەویستیی خۆیاندا، بەهەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی رێگای رزگارییان بە گوێدا بخوێنن.

با باوکانی کوردستان دەرسی ئازایەتی و خەباتگێڕی فێری منداڵەکانیان بکەن و تێیانبگەیەنن کە چەندە خۆشە جێگای هیوا و هومێدی کۆمەڵەکەیان و گەلەکیان بن.

با لاوانی کورد، کوڕ و کچ باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێردەستەییدا و بە سەرشۆڕی و شەرمەزارییەوە چەندە بێقەدر و قیمەتە و لەبەرامبەردا هەوای پاک و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێنە.

دەبا ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان ریزەکانی حیزبی دێموکرات بەهاتنی خۆیان، جوانتر لە پێشوو برازێننەوە و بەهەڵگرتنی چەکی شەڕەف و سەربەرزی، هێزی پێشمەرگە زۆر لەئێستا بەهێزتر و لەشکاننەهاتووتر بکەن.

تا ئازادی.......

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

# پێگەی ژن لە حیزبی دیمۆکراتدا



کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانێکی حیزبی لەم رۆژانەدا، کەم و زۆر بوبە جێی باسی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و زۆر کەس ئاگاهانە بۆ لێدان لە حیزبی دیمۆکرات و زۆری دیکەش دڵسۆزانە رەخنەیان گرت و پێگەی ژنیان لەو کۆبوونەوەیە بە لاواز بینی.

راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە بەپێی هاوکێشە سیاسیی و ناوچەیی و کلتوری و تەنانەت جوغرافیایەکانیش بێ پرسی ژن و بەشداریان لە کایەی سیاسیی دا لە مێژە جێگەی مشتومر و باس و لێکدانەوەیە لە حیزبی ئێمەدا و کاری بۆ دەکرێت.

سەربەرزیە بۆ حیزبێک کە پتر لە ٧٠ ساڵ پێش ئێستا رێکخراوی تایبەت بە ژنانی لەم ناوچەی ئێمە دامەزراند، ناوچەیەک کە ئیستاش لە زۆر بوار دا بەدەستی کلتوری پیاوسالار و دژی مرۆڤیەوە دەناڵێنێت.

وەک پرنسیپ و بەها و بەرنامە حیزبی دیمۆکرات سەربەرزە کە، نەک باوەر بەڵکوو بە کردەوە هەوڵی داوە کە ژنان بەشداری چالاکانەیان لە بەرێوەبەری حیزب دا ببێ و لە زۆر بواردا رێبەرانی حیزب و بە تایبەت قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی ئەوەیان سەلماندوە، گەر ژنان بەشداری چالاکانەیان لە شۆرشەکەمان دا هەبێ، بێگومان شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

ئەوەندەی شارەزای پرنسیپەکانی حیزبیم، چ وەک ئەندام لە ناوخۆ و چ هەنووکە وەک پێشمەرگەی حیزب ئەو راستیەم بۆ روون بۆتەوە کە حیزبی دیمۆکرات، تەزاهور بە پرسێکی ئاوا گرینگ ناکا و باوەری بە بابەتی رووکەشی نیە، ژن وەک کاڵا و ئامراز بەکار بێنێ و دەسەڵاتیشی نەبێ. ژن تەنیا لەبەر ژن بوونی ناهێنێتە دەسەڵات بەڵکوو وەک مرۆڤ و تواناکەی

دەیبینیێ. لانیکەم روونە یەکەم حیزبی کوردی بووین کە باسمان کرد گەر پیاوێک و ژنێک دەنگی یەکسانیان بوو لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردن دا ئەوە ژنەکەیە دەبێ سەر بکەوێ.

بە خۆشیەوە ئیستا لە دەیان پۆستی بەڕێوەبەری حیزب دا ژنانی سەربەرز و بەتوانای حیزبن کە بڕیاردەرن و دڵسۆزانە کار دەکەن.

حاشا لە کەم و کۆریەکان ناکرێ، بەڵام زۆر جار بیر لەو هەڵبژاردنانە دەکەمەوە کە لانی زۆری بەشدارانیان ژنن و ئەوە تاقانە پیاوەکانیانین دەنگ دێنەوە، بیر لەو هاوسەرۆکانە دەکەمەوە کە تەنیا دەنگی پیاوەکەیە دەبێتە بڕیار، بیر لەو ژنانە دەکەمەوە تەنیا بۆ رازاندنەوەی کۆبوونەوەکان دادەنرێن.

حیزبی دیمۆکرات لە مێژە ئەوەی سەلماندووە تا حیزبی دیمۆکرات مابێ دیمۆکراسی مەبەست و ئامانجیەتی و هەر مرۆڤێک بە پێی توانای خۆی بە پالپشتی تەواوی حیزبەوە کاری پێی دەدرێ و مێژووی حیزبیش ئەمەی سەلماندوە.

ژن وەک مرۆڤ ببینین وەک هێز و وەک دەسەڵات

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

# دوکتور قاسملوو، خۆرێک بێ ئاوابوون



ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری فەرزانە و لێوەشاوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی – دێموکراتیکی کورد و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لەگەڵ عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، کەسایەتیی ناسراوی کوردی باشوور، لەلایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەسەر مێزی وتووێژ، لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش شەهید کران.

بێگومان ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆرکردنی ئەو ڕێبەرە خیبرە و فەرزانەیە لەلایەک لاوازکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکان لەسەر ڕێگەی ئەو ڕێژیمە بۆ داسەپاندنی سیستمێکی دیکتاتۆر و تۆتالیتری دڵخوازی خۆی و هەروەها پەکخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەگشتی و لەلایەکی ترەوە سڕینەوەی بیر و هزر و ئەندێشە و ڕێبازی دکتور قاسملوو لە زەینی لاوان و بەگشتی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵات بوو.

بەڵام ئەو ئامانجەی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی دوای ٣٤ ساڵ لە تێرۆرکرانی دکتور قاسملوو نەک هەر نەهاتووەتە

دی، بەڵکوو ئێستا زیاتر لە هەموو کات بووەتە چقڵی چاوی داگیرکەران. بەو واتایە کە ئێستا ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لاوان درێژەدەری ڕێبازەکەین. بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ئیدیعایە شۆڕشی ژینایە کە بینیمان چۆن جیلی نوێ و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی لە هەموو شارەکانی کوردستان و لەسەر شەقامەکان بەئاشکرا دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"یان دەوتەوە و بۆ ڕێژیمی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییان روون کردەوە کە بنەما هزرییەکانی دوکتور قاسملوو لە نیشتمان ڕەگی داکوتاوە و خەڵکی ڕۆژهەڵات هێشتا پێداگری لەسەر ئەو بیر و هزر و ڕێبازە دەکەن. ئەمەش زیاتر لە هەموو کات کۆماری ئیسلامیی بێهیوا و تووڕە کرد و هەر بۆیە دەستی دایە دڕندانەترین شێوازەکانی سەرکوت و بەکارهێنانی توندوتیژی کە تاکوو ئێستاش درێژەی هەیە.

دوژمنانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆیان ڕوون بووەوە کە خواست و داواکارییەکانی نەتەوەی کورد و لەوانە پێداگری لەسەر ئازادی، ڕزگاری، دادپەروەری، نیشتمانپەروەری و پێویستیی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و زۆر پرسی گرنگی دیکە کە لە ئێستادا وەکوو بەها پرباپەخەکان سەیر دەکرێن هەمان ئەو چەمکانەن کە دکتور قاسملوو لە ڕەوتی خەباتی عەمەلی و لە نووسراوەکانی خۆیدا جەختی لەسەر دەکردنەوە و گیانی خۆی لە پێناویاندا بەخت کرد. زۆربەی ئەم چەمکانە لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا چەسپاون و دوکتور قاسملووی زانا نزیک چوار دەیە پێش ئێستا کە ڕێژێم لە هەوڵی چەسپاندنی بیرۆکەی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهدا بوو و بەداخەوە زۆربەی خەڵکی ئێران لە دەرەوەی کوردستان فریوی دروشمەکانی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمەیان خواردبوو، هێنانیە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستان و ئێران و هەوڵی دابین بوونیانی دەدا. شۆڕشی ژینا سەلماندی کە خوێندکارانی ئەو مامۆستایە مەزنە زۆر بەباشی پەیامەکەیان وەرگرتووە و پێشمەرگەئاسا وانەکانیان لەبەر کردووە.

ئەمە بە هەڵکەوت نییە؛ دکتور قاسملوو گەرچی خۆی بە جەستە لەنێو نەتەوەکەی نەماوە، بەڵام گوتار و نووسینەکانی وا لە مرۆڤ دەکات کە بیر بکاتەوە. هەر لەم بارەوە مادام میتران، خانمی یەکەمی پێشووی وڵاتی فەرانسە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە یادکردنەوەی دوکتور قاسملووی شەهید و هاوڕێیانی وتبووی: " دوکتور قاسملوو وای لە مرۆڤ دەکرد کە بیر بکاتەوە!". ڕێبەرێکی فەرزانە کە خانمی یەکەمی وڵاتێکی ئورووپایی و ئازاد ئەو بۆچوونەی لەسەر بێت، چلۆن دەکرێ لاوان و خەڵکی نیشتمانەکەی پەیامە پێشکەوتووخوازانەکەی وەرنەگرن؟

دکتور قاسملوو بە کردەوەش و وەک پێشمەرگەیەک نیشانی دا کە هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی هەمیشە زیندوو و هەرمانی هەیە. هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، سادە و ساکاری لە ئاخاوتن و تێکەڵبوونی لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان و گوێگرتن لە دەغدەغە و بیروبۆچوونەکانیان و گرنگیدان پێیان بەپێی بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەکانی ئەوکات و زۆر فاکتی دیکە بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە دوکتور قاسملوو بە تەواوەتی خۆی بە

پێشمەرگەیەک زانیوە و بەردەوام تێکەڵ بە کۆمەڵگەکەی بووە و هەر ئەوەش وای کردووە کە ببێتە کەسایەتییەکی کارێزما کە هەتاکوو ئێستاش ناو و یادی زیندووە.

لە مێژوودا ئاوەها ڕێبەرانێکی مەزن و زانا کەمن کە چەندین دەیە دوای کۆچیشیان مرۆڤ ناچار بە بیرکردنەوە بکەنەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێڕەوانی ڕێبازەکەی ڕوو لە زیادبوون بکەن. هۆکارێکی سەرەکی ئەوەیە کە خودی کاک دکتور قاسملوو نەک هەر بڕوای قووڵی بە ئارمانەکانی هەبوو و بە هەموو هێزییەوە هەوڵی سەرخستنیانی دەدا، بەڵکوو وەکوو ئاماژەم پێ دا، گیانی خۆی لە پێناویاندا بەخت کرد. ئاساییە کە دوای شەهیدبوونیشی، بیر و هزری بە جەستەی کۆمەڵگای کوردستان و ئێراندا ڕۆبچێت و گوتارەکەی نەک هەر کوردستان بەڵکوو هەموو ئێران بتەنێت و ببێتە گوتاری ڕۆژی هەموو ئازادیخوازان. بۆیە وەسفی "خۆرێک بێ ئاوابوون" شایەنی ئەو ڕێبەرە مەزنەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

## دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ




**لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، دوای ٣ ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی، کۆمەڵەی ژ - ک (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)، ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، حیزبی دێموکراتیان دامەزراند.**

**ڕەنگە باسکردن لە دامەزرانی حیزبێکی مۆدێڕن لەم سەردەمە زۆر ئاسایی بێت، بەڵام حیزبی دێموکرات لە سەردەمێکدا دامەزرا کە بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان بەتایبەت دوای ئەو کەشە سیاسییەی کە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ئێران و کوردستانی گرتبووەوە بە خوێندنەوەیەکی مۆدێڕن و جیهانبینییەکی نوێیەوە بە پێکهێنانی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی کوردی خستە سەر ڕێبازێکی نوێ و کاری گرووپی و نیزامەند هاتە ئاراوە، کە ئەمە لەو کاتە زەمەنییەدا کارێکی کەموێنە یان باشتر وایە بڵێین کارێکی بێوێنە بووە.**

**دامەزرانی حیزبێکی مۆدێڕن لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە کۆمەڵگایەکی داخراو و دواکەوتوو و تەنراو بە بیری عەشیرەیی کارێکی ئەستەم بووە، ئەوەی کە جێگای ئاماژەیە ئەوەیە تەنانەت حیزبی دێموکرات بەرنامەی سیاسیی خۆی لە سەر ٨ خاڵی زۆر گرینگ دادەمەزرێنێت کە ئەو ٨ خاڵە بریتی بوون لە:**

**یەکەم**: نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێراندا بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ناوچەی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودمۆختاری دەستەبەر بکات.

**دووهەم**: مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێت (تەواوی کاروباری ئێدارەکان بە زمانی زگماکی بەڕێوە بچێ).

**سێهەم**: لەسەر بناغەی یاسای بنەڕەتی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێرییان بەسەردا بکات.

**چوارەم**: کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ لە خەڵکی ناوچەکە بن.

**پێنجەم**: لەسەر ئەساسی یاسای بنەڕەتی لە نێوان خەڵکی جووتیار و خاوەن ملکدا ڕێکەوتنێک پێک بهێندرێت کە مافی هەر دوو لایەن دەستەبەر بکات.

**شەشەم**: حیزبی دێموکرات تێدەکۆشێ لە خەباتدا لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان، ئاسوورییەکان، ئەرمەنییەکان و...، یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێک بهێنێ.

**حەوتەم**: حیزبی دێموکرات بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و باشترکردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد، دەست دەکا بە سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتی و کانگاکانی کوردستان.

**هەشتەم و کۆتا خاڵ**: حیزب خوازیارە هەموو گەلانی ئێران هەلی تێکۆشانی ئازادییان پێ بدرێت و بەختەوەر بن.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە حیزبی دێموکرات پاش نزیک بە ٧٨ ساڵ بەسەر دامەزرانیدا، بە بوونی هەموو ئەو پەلامارانەی کە لەلایەن دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و ئاخوندییەوە بەرەو ڕووی بوونەتەوە و سەرەرای ئەوەی کە هەموو گرووپ و دەوڵەت و دەسەڵاتێک پێیان وابوو لە دوای تێرۆری دوو سکرتێری کاریزما و لێهاتووی ئەو حیزبە، دەیان و بگرە سەدان کادر و پێشمەرگەی دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵدەگرن، بە پێچەوانە هەموو جارێک دێموکرات بەهێزتر لە جاران بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی لە خەبات بەردەوام بووە.

ئەمە نەک تەنیا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە حیزبی دێموکرات لەسەر سیاسەتێکی دروست دامەزراوە، بەڵکوو دەرخەری ئەوەشە کە دێموکرات بە سیاسەتە دروستەکەی لەنێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێگایەکی وەها گەورەی هەیە کە دێموکرات و خەڵک وەک دووانەیەکی لێکدانەبڕاو هەوڵی دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتیی کورد دەدەن.

دێموکرات ئێستاش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا حیزبی پێشڕەو و ڕێنیشاندەرە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بناغەی ئەم حیزبە لەسەر دێموکراسی و بنەما و باوەڕێکی پتەوی نەتەوەیی دانراوە. هەر بۆیە پاش نزیک بە ۷۸ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم حیزبەدا، دێموکرات پێناسە و ۲۵ی گەلاوێژ، باوەڕە بە ڕێبازێکی دروست.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی گەلاوێژی ۲۷۲۳

## ئایا کۆماری ئیسلامی ئامانجی خۆی پێکا؟



لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا، لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە تاکوو ئێستا کە ٧٨ ساڵ بەسەر چالاکی و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا تێپەڕ بووە، ئەم حیزبە کە بە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناسراوە هەوراز و نشێوی زۆری لە ڕەوتی خەباتدا ئەزموون کردووە. حیزبی دێموکرات چ لە کاتی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پەهلەوی و چە دوای ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە و هاتنەسەرکاری ڕێژیمی سەرەڕۆی ویلایەتی فەقیه بە مەبەستی ڕاوەستانی لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام لەژێر هێرشی جۆراوجۆری وەکوو نیزامی، تەبلیغاتی، تیرۆر، ئێعدام، زیندان، تۆپباران و مووشەکباران و... بووە.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە بۆ هەموو جیهان و بەتایبەت کوردستان، بە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران و هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئاخوندی بەردەوام هەموو شێوازەکانی شەڕ و ستەم دژ بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئارادایە.

هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاری خومەینیی جەلاد و فتوای جیهادی ٢٨ی گەلاوێژ دژ بە کورد، ماهییەتی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە بۆ میللەتی کورد دەرکەوت و بینیمان کە چلۆن بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان شەڕێکی هەمەلایەنەی سەربازی، ئابووری، ژینگەیی، کلتووری، تیرۆری فیزیکی و... دەستی پێکرد بەڵکوو بتوانێ نەتەوەی کورد و

حیزبی پێشڕەوی ئەو خەڵکە لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی ڕاوەستێنێ، بەڵام ئەوەی تاکوو ئێستا بەو هەموو هەزینەی ماددی و گیانییەی نەیتوانیوە دەستەبەری بکات سڕینەوەی ئازادی بووە لە ڕۆحی تاک بەتاکی کورددا، هەر وەک ڕێبەری گەورەی گەلەکەمان شەهید قاسملووی نەمر فەرموویەتی ئازادی بووەتە بەشێک لە ژنێتیکی کورد.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دوا بە دوای قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە ڕاسانی خۆرهەڵات ناوبانگی دەرکرد، ڕێژیمی بە ناو کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەموو کات باسی لەوە دەکرد حیزبی دێموکرات نەماوە و حیزبێکی "مونحەلەیە" بەڵام بۆ چەندین جار هێرشی درۆنی و مووشەکی کردووەتە سەر بنکە و بارەگاکانی لە باشووری کوردستان. یەکەم مووشەکباران ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧بوو، هێرشی دیکەی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی بوو کە سێ جار هێرشی درۆنی و مووشەکی کردە سەر حیزبە کوردییەکان و لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا چەندین کادر و پێشمەرگە شەهید و دەیان خەباتکار و خەڵکی سڤیل بریندار بوون. ئەو هێرشە لە کاتێکدا بوو کە ناڕەزایەتییەکانی پاش شەهیدکردنی ژینا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی سەقز کە بەدەستی جنایەتکارانی ئەو ڕێژیمە شەهید کرا لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و لەماوەیەکی کورتدا تەواوی ئێرانی گرتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش کە باش لەوە تێگەیشتبوو وشیاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات گەیشتووەتە لووتکە و چیدیکە ناتوانێ مافەکانیان زەوت بکات و گۆڕانی ئەو دەسەڵاتە سەرەڕۆیە لە کوردستان دەست پێدەکات لە ترسی مانەوەی خۆی دەستی دایە جینایەتێک کە تەنانەت سنووری وڵاتێک و سنووری مرۆڤایەتیشی بەزاند و ڕووی هیتلێریشی بەم کارە ڤیزەوەنەی سپی کرد، ئەوەش ئەوە بوو کە بنکە و بارەگای حیزبە پێشەنگ و پێشڕەو و ڕێنیشاندەرەکانی خەڵکی کوردستانی کە جێگای حەوانەوەی ژن و منداڵی پێشمەرگەکان بوو کردە ئامانج. ئامانجی ڕێژیم لەو هێرشەدا کە کرایە سەر حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەوە بوو تاکوو نیشان بدات کە ئەم شۆڕشە لە ئێران هۆکاری دەرەکیی هەیە تا بەم جۆرە ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆی ئێرانی پێ دابپۆشێت و ڕای گشتی بە لاڕێدا ببات و جارێکی دیکە باسی لەوە کرد کە نەتەوەکانی ئێران سەودای سەربەخۆیان هەیە و داوای لەتبوونی ئێران دەکەن.

**بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی ئەو هەڕەشە و هێرشانە ئەوە بوو کە بۆ مانەوەی دەسەڵاتە سەرەڕۆکەی پەنای بۆ درۆن و مووشکەکانی بردووە و بەم شێوەیە دەیەوێت لە خۆی بەرگری بکات و ئیرادەی نەتەوەیەک بە درۆن و مووشەک لەنێو ببات یان زەعیفی بکات کە دیسانەوە جیا لەوە کە ڕووی هەموو دیکتاتۆرەکانی سپی کرد قەد نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێت و ئەوەی کە پێی نەکراوە و ناشکرێت سڕینەوەی ئازادیە لە ناو ڕۆحمانا.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## بەندکردنی ئازادی!



لە بەشێکی کتێبی "ئازادی لە هزر و ڕامانی قاسملوودا" هاتوە کە لە ڕوانگەی ئەو ڕێبەرە مەزنەی گەلی کوردەوە ئازادی بریتییە لە هەڵبژاردن و مافێک کە لە  چوارچێوەی ئەخلاقدا شرۆڤە دەکرێت و مرۆڤ بە حوکمی مرۆڤبوونی دەبێتە خاوەن ئەو ئازادییە و بە شێوەی سرووشتی لەو ئازادییە بەهرەمەند دەبێت.

ئەو پێناسەیە لە ئازادی هەم ئاماژەیە بە توانای بڕیاردانی سەربەخۆیانەی مرۆڤ و دواتر کۆمەڵگە و هەبوونی دەرفەتی هەڵبژاردن لەنێو بژاردە جیاوازەکاندا و هەم ئاماژەیە بە چوارچێوەی ئەخلاقی ئازادی. ئەمەی دووەم دەکرێ ئاماژە بێت بۆ ئەوەش کە لە باسکردن سەبارەت بە ئازادی پێویستە ڕێژەیی بوونی ئازادی لەبەرچاو بگرین. بەو مانایە کە باس لە ئازادیی ڕەها ناکرێت، بەڵکوو ئازادی سنووردارە. بەو واتایە مرۆڤ مافی ئازادیی هەیە تا کاتێک سنوورەکانی ئازادیی کەسانی تر نەبەزێنێت. ئەمە ڕوانگەیەکی ئەخلاقیانەیە بۆ ئازادی. لەم واتایەدا ئازادی دۆخێکە کە تێیدا هیچ شتێک ڕێگر نەبێت لە بەردەم ئیرادەی تاک یان کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، مەگەر ئەوەی ئازادی تاک و کۆمەڵگەکانی دیکە پێشێل بکات.

ئازادی ڕزگاربوونە لە دۆخێک کە بە شێوەی زۆرەملێ یان پێچەوانەی ئیرادەی مرۆڤ داسەپابێت. ئازادی دەرفەت و هەلێکە بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی تواناکانی تاک و کۆمەڵگە. لە سەردەمی ئێستادا ئازدییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە

کۆڵەکەی سەرەکیی دێموکراسی دادەنرێن. بە تایبەتی ئازادیی سیاسی کە دەرفەتی دەنگدانی تاک و هاووڵاتییان و بەشداریکردنیان لە ئیدارەی وڵات دەڕەخسێنێت. زەوت کردنی ئەو ئازادیانە زەوتکردنی ئیرادەی تاک و گەلە. زەوتکردنی ئازادیش لە چوارچێوەی بۆچوونی دکتور قاسملوودا بە مانای لەنێوبردنی توانای هەڵبژاردنی تاک و کۆمەڵگە دێت. لەبەر ئەوەیە کە من ناوی دەنێم بەندکردنی ئازادی.

ڕاستە یەکێک لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ کەوتووەتە بیری دامەزراندنی شوێنێک بەناوی بەندیخانە تەمبێکردن یان چاکسازی کرداریی ئەو کەسگەلە بووە کە دژی نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگە جووڵاونەتەوە و ئامانج لە دەستبەسەرکردنیان نەمانی تاوان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر و ئەمینتر بووە، بەڵام بەشێکی زۆر لە بەندیخانەکان و بەتایبەت ئەوانەی ئەمڕۆکە بە بەندیخانەی سیاسی ناسراون حەبسکردنی ئازادییەکان و بەندکردنی کەسانی ئازادیخوازە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە کاتی بەدەسەڵات گەیشتنییەوە تا ئێستا بەردەوام سنووری ئازادییەکانی بەرتەسک کردووەتەوە و هاوکات پەرەی بە زیندانەکان و زیادکردنی ژمارەی زیندانیان داوە بەرچاوترین نموونەیە بۆ بەندکردنی ئازادییەکان. ئێستاکە بەهۆی نەبوونی ئازادی بۆ چین و توێژە جۆراوجۆرەکان ئێران بووەتە بەندیخانەیەکی گەورە بۆ ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی سیاسی و مەدەنی، هونەرمەندان و تەنانەت نووسەران و ڕووناکبیران و جیابیران. بەدرێژایی تەمەنی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە ئامانج لە پەرەپێدان بە دیاردەی بەندکردن و بەندیخانەکان زیاتر کپکردنی دەنگی ئازادیخوازان و جیابیران بەمەبەستی لەسەر دەسەڵات مانەوە و بەردەوامی حکوومەتی دز و گەندەڵەکان بووە. دەنا خۆی کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی گەورەی پەرەپێدان بە تاوانە کۆمەڵایەتییەکانە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە درێژەی سیاسەتی بەندکردنی ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێراندا، بەتایبەتی نەتەوەی کورد بەرەورووی تێرۆر، ئێعدام، ئەشکەنجە، حوکمی جیهاد و هێرشی سەربازی دڕندانە، جێنوساید و زۆر شێوازی دیکەی سەرکوت و بێدەنگکردن بوونەتەوە. لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامیدا بە دەیان جەلادی وەک خەڵخاڵی، ئێژەیی، ڕەئیسی، قازی سەڵەواتی بارهێنراون و دەسەڵاتی ڕەهایان پێدراوە بۆ دەرکردنی حوکمی بەندکردن و کوشتنی ئازادیخوازان.

بەڵام سەرەڕای ئەو تاوانە قێزەونانە، بێگومان ئەو ڕێژیمە مرۆڤکوژە نەیتوانیوە بە ئامانجی سەرەکیی خۆی واتە ڕیشەکێشکردنی ئیرادەی ئازادیخوازانەی تاک و گەلانی ئێران بگات. بەتایبەت سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و فشارە قورسەی خستوویەتە سەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و سەر حیزبەکان لە دەرەوەی سنوورەکان بەڵام ئیرادەی ئازادیخوازی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕۆژهەڵات بەرزتر دەبێت. ئەم ئازادیخوازییەش بەرهەمی ڕیشەداکوتانی ئەندێشەی ڕێبەرانی ئەو گەلە و کەسانی وەک کاک دکتور قاسملوویە کە لە لایەکەوە پێی وابوو هیچ نێعمەتێک لە جیهاندا لە ئازادی بەنەرختر نییە و

لەلایەکی ترەوە ڕوونی دەکردەوە کە ئازادی تێچووی دەوێت و ئەوەی ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات. ئەمەش یەکێک لەو وتە بەنرخانەیە کە بووەتە وردی سەرزمانی لاوان، ژنان و هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە و ئیرادەیەکی پێ بەخشیون تاکوو بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادیدا ئامادەی هەر فیداکارییەک بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٣

## هەڵبژاردەی لاوان



٤٥ ساڵە کە کۆماری ئیسلامی خۆی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندووە. لەم ماوەیەدا لاوان کەمترین دەوریان لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا نەبووگە، ئەمە لەحاڵێکدایە کە لاوان دایناموێ گۆڕانن لە کۆمەڵگەکاندا.

دەسەڵاتێک کە بیهەوێت وڵات بەرەو پێشکەوتن بڕوات و داهاتووەکەی گەشە بێت، ئەولەویەتی یەکەمی ڕێگە خۆشکردن بۆ لاوان دەبێت تاکوو ئەو جیلە پڕ وزە و گۆڕانخوازە بێنە پێشەوە و وڵاتەکەیان پێش بخەن. کەواتە دەرفەت دان و ڕێگە خۆشکردن بۆ لاوان لە گرەوی یاسای وڵاتەکە دایە کە لەڕاستیدا بەرامەی خەون و بەرنامەی دەسەڵاتداران بۆ وڵاتەکەیە.

یەکێک لەو بوارانە کە دەکرێ دەرفەت بخولقێنێ بۆ ئەوەی لاوان بتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن هەڵبژاردنە، هەروەها یەکێک لە سەرەکیترین بنەماکانی دێموکراسی هەڵبژاردن یان باشترە بڵێم هەڵبژاردنی ئازادە. بە چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مێژووی ٤٥ ساڵەی دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامی بۆمان دەردەکەوێ کە هەڵبژاردنەکانیش وەکوو هەموو سیاسەتەکانی دیکەی هەوڵێک بووە بۆ بەلارێدا بردن و چەواشەی خەڵکی نێوخۆ و کۆمەڵگەی دەرەوەی ئێران.

بەڵام سەیر لەوەدایە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بانگەشەی گۆڕان و باشتربوونی دۆخی کۆمەڵگە دەکەن و

سەیرتر لەوەدایە کە گوایە ئەوە لاوانن کە دەرفەتیان پێدراوە تاکوو داینامۆی ئەو گۆڕانە بن!

ڕوونە کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ کردووە و دەیکات تەنیا ڕاکێشانی خەڵک بەتایبەتی لاوانە بۆ سەر سەندووقەکانی دەنگدان تاکوو لە ڕێگەی میدیا حکومەتییەکانەوە هەم بە خەڵکی نێوخۆ و هەمیش بە دونیای دەرەوە بڵێت کە لە ئێراندا هەڵبژاردنی ئازاد هەیە و خەڵک و لاوان بە دەنگەکانیان ڕەوایی بە دەسەڵات دەدەن و دەسەڵاتەکەیان لە خەڵکەوە وەرگرتووە و گوایە دەسەڵات دەستاودەست دەکرێت!

بەڵام کاتێک یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و بەتایبەتی یاسای هەڵبژاردنی لەتەک وڵاتانی ئازاددا بەراورد دەکەی، بە ڕاشکاوی بۆمان دەردەکەوێ کە نەک هەر ئازاد و دێموکرات نییە، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەی بنەماکانی هەڵبژاردنی ئازادن و تەنیا ئامانج بازاڕ گەرمییە نەک گۆڕان.

کەوابوو یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و یاسای هەڵبژاردنی پێچەوانەی بنەما جیهانییەکانە و هەموو خەڵکی ئێران بەتایبەتی لاوانی فریو داوە و دەیدات. بەو واتایە کە مەجالێکی بۆ گۆڕانکاری بەپێی یاسا و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە نەهێشتووە و ئەوەی هەبووە و هەیە یاریکردنە بە شعووری خەڵک.

یاسا و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئەم قسەیەی مارک تواینمان بە بیر دێنێتەوە کە دەڵێت: «لەو شوێنە کە ئازادی نییە، ئەگەر دەنگدان شتێکی بگۆڕی با، ڕێگایان نەدەدا کە دەنگ بدەن!» ئەزموونی چوار دەیە هەڵبژاردن لە ئێرانی بەڵێدراوی ئاخووندی بە هەموو و بەتایبەتی لاوانی سەلماندووە کە هیچ هەڵبژاردنێک لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نەک هیچ دەسکەوتێکی بۆ خەڵک نەبووگە بەڵکوو بە پێچەوانەوەکەی دوای تەواو بوونی شانۆی هەڵبژاردنەکان دیسان گەندەڵی، هەژاری، گرانی و چەوسانەوەی لاوانی نەتەوەکانی غەیرە فارس زیادتر بووە و تەنیا دەسکەوتی بەشداری کردن لەم شانۆیە سوودی بۆ ڕێژیمی تووتالیتری وەلی فەقیهـ دەبێت تاکوو شەرعییەت وەربگرێت بۆ درێژ کردنی تەمەنی دەسەڵاتداریەتی خۆی.

بۆیە هەڵبژاردەی لاوان دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی تەنیا نەمانی ئەو دەسەڵاتە سەرەڕۆ و مرۆڤ کوژەیە. کەوابوو دەبێ ئەو وتەیەی دوکتور قاسملووی ڕێبەرمان لە بیر بێت کە دەڵێت: **"گەلێک ئازادیی بوێت دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات".**

**لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا بینیمان کە لاوان ئەم وتەیەی کاک دوکتوریان کردە وێردی سەرزمانیان و نرخی بەدەستهێنانی**

**مافەکانیان بە گیانی خۆیان دا، کەوابوو لاوان وشیاری کورد سوورتر لە جاران هەڵبژاردەیان هەوڵدانە بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و بونیات نانی سیستەمێک کە هەڵقوڵاوی ویست ئەوان بێت و هەروەها دەرفەتی بۆ هەموو بەتایبەتی لاوانیش ڕەخساندبێت کە بتوانن دەوری خۆیان ببینن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## چی ڕوودەدا کە لە نێوان ١٠ قوتابی کچ ٣ کەسیان لەقۆناغی دوواناوەندیدا واز لە خوێندن دەهێنن؟



کاتێک باس لە ژنان دەکەین دەبێ پێش هەموو شتێک بیر لەوە بکەینەوە کە باس لە ژنانی کام کۆمەڵگا دەکەین؟ کەواتە گرنگە کە بزانین ڕوانگەی یاسا و ڕێساکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە نیسبەت ژنانەوە چین؟ واتە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگاکان دەرخەری دۆخی ئەو کۆمەڵگایەن. بۆ نموونە کاتێک لە یاسای بنەڕەتی وڵاتێک وەکوو ئێراندا هاتووە کە شایەتی دوو ژن بەرابەرە بە شایەتی پیاوێک! دەردەکەوێ کە چ جۆرە بیرکردنەوەیەک بەسەر ئەو وڵاتەدا زاڵە و حوکم دەکات.

جیا لەوەی کە ئەم زێهنییەتە ڕەگەزی ژن بە ناتەواو و لاواز دەزانێ و ژنانی وردکردووە و لە کەسایەتییانی داوە، بێگومان ڕێگریش بووە و دەبێ لەوەی کە ئاستی ڕووناکبیری، ئاگایی و وشیاری ژنانی ئەو کۆمەڵگایە گەشە بکات، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی یاساکانی بن و لێی دەرنەچن، یان لە بەرانبەریدا نەوەستنەوە، لە لایەکی دیکەشەوە مێشکی ڕەگەزی نێریش دەشواتەوە بەو تێڕوانینە سەقەتە کە کچ و ژن لاوازن.

یەکێک لە ئامرازەکانی نائاگا هێشتنەوەی ژنان بەتایبەتی لە کۆمەڵگای ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، پەرتووکە دەرسییەکانی قوتابخانەکان بوون کە هەڵقوڵای تێگەیشتن و تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین بە نیسبەت ژن.

لەو پەرتووکە دەرسییانەدا کە لە قوتابخانە و زانکۆکان دەخوێندرێن و باسی ژنیان کردووە، بەردەوام ژن ئاوەها وێنا کراوە کە لاوازە، پێویستی بە چاوەدێرییە، خاوەنی بڕیاری خۆی نییە و ئەرکی ژن تەنیا ماڵ و منداڵ بەخێوکردنە.

ئەم تێڕوانینییە لەسەر ژن، بێگومان هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بە خوردی قوتابییەکان دەدرێ کە ژن ئەرکی لە کۆمەڵگا تەنیا منداڵداری و ماڵدارییە و دەبێ چاوەدێری هەبێ و... ئەم شێوە تێڕوانینە کە هەڵقوڵاوی یاسا و نەریتی حکوومەتی تووتالیتری ئێرانە، هەم قوتابییە کچەکان ورد دەکات و وای لێدەکات کە باوەڕبەخۆبوونیی نەبێ و بەردەوام لە گەورە ساڵیشدا هەست بە قەلەقی بکات، هەمیش تێگەیشتنیان ئاوا لێدەکات کە دەست لە حەز وخولیاکانی خۆیان هەڵبگرن و خۆیان لە چوارچێوەی ماڵەوە کۆت زەنجیر بکەن.

ئاکامی ئاوەها پەروەردەیەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەداخەوە زۆربەی کچ و ژنانی کۆمەڵگە هەست بە لاوازی و قەلەقی بکەن و زۆربەیان لە بەرانبەری ئەقڵیەتی داسەپاودا تەسلیم بن، واز لە خوێندن بهێنن و لە هەمووی خراپتر ئەوەی کە ژنان بۆخۆیان قەناعەت بەو تێڕوانینە بکەن، کە بەڕاستی گەیشتن بەم قۆناغە مەترسیدارە.

کاتێک ئەم تێڕوانینە دەروونی بووەوە بۆ ژنان و قبووڵیان کرد کە لە کۆمەڵگادا هیچ ڕۆڵێکیان نییە، کارەسات ڕوو دەدا و ئیدی خودی ژنانیش تەبلیغ بۆ ئەم تێڕوانییە دەکەن و لە ئاکامی ئەم تەسلیم بوون و باوەڕ هێنانە و لە درێژەی پەروەردەی منداڵ بەتایبەتی بەهۆی ڕۆڵ و دەورێک کە ژن لە کۆمەڵگای ئێراندا لە پەروەردە و گەورەکردنی منداڵدا هەیە، ئەم تێڕوانینە کە ژن بە کەم دەزانێ لەلایەن بنەماڵە بە تایبەتی دایک و خوشکەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ جیلی داهاتوو و لە کۆتاییدا کۆمەڵگاش دەچێتە سەر ئەم قەناعەت و یاسایەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

کەواتە یاسا و ڕێساکان بەردەوام دەور و نەقشیان بووە و هەیانە لە گۆڕانکاری یا چەقبەستوو هێشتنەوەی کۆمەڵگا یان سەپاندنی تێڕوانینێکی دیاریکراو بەتایبەتی لە ئێستادا کە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە زاڵە. لە دەسەڵاتدارێتی زیاتر لە چوار دەیەی کۆماری ئیسلامیشدا بە دەیان ڕێسا و نەریتی کۆن کراون بە یاسا و بەزۆر بەسەر خەڵکی ئێران بەتایبەتی ژناندا سەپێندراون.

**لە کۆتاییدا دەمەوێت بە کورتی باس لەوەش بکەم کە جیا لەم هۆکارانە، هۆکارێکی دیکە کە وایکردووە ژنان خۆیان بە کەمتر بزانن و واز لە خوێندن بهێنن سەربەخۆیی ئابووری بووگە، کاتێک ئابووری ئێران بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی حکوومەتی توتالیتری کۆماری ئیسلامی تووشی داڕمان بووە ژنان و کچان هەم لە لایەن کۆمەڵگا وهەروەها**

لە لایان بنەماڵەکانیانەوە تووشی زۆر بەربەست دەبنەوە و ناچار دەکرێن کە لە قۆناغێکی زۆر هەستیاری ژیانیاندا واز لە خوێندن بهێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## شەترەنجی شێتان




بۆ یەکەمجار ٦٠٠ساڵ پێش لە زایین و لە وڵاتی هێندوستان یارییەک بەناوی "شاتورانجا" دروست کرا. چیرۆکی دروستبوونی شاتورانجا لە سەرچاوەکاندا ئاوەها باسی لێکراوە کە پاشای ئەوکاتی هێندوستان نەخۆش دەبێت و هیچ دوکتورێک ناتوانێ نەخۆشییەکەی چارەسەر بکات، جابۆیە داوا لە خەڵک دەکەن هەرکەس بتوانێ نەخۆشی پاشا چارەسەر بکات ئەوە خەلاتێکی باش وەردەگرێت. دوای ماوەیەک کەسێک دەچێتە لای پاشا و شەترەنجێک کە بۆ خۆیی دروستی کردوە بە پاشای دەدات. پاش ماوەیەک یاریکردن و قووڵبوونەوەی پاشا بە یاری شەترەنج، نەخۆشییەکەی چارەسەر دەبێت و دیزاینێرەکە خەلاتی پاشا دەباتەوە. وشەی شەترەنج لە زمانی کۆنی هێندییەکانەوە وەرگیراوە کە پێی دەوترێت سانسکریت، لە زمانی سانسکریتدا شەترەنج بە شاتورانجا هاتووە کە واتای چوار بەشی سپا بووگە (سەرباز، فیل، ئەسپ و قەلا). بناغەی یارییەکەش لەسەر کیش و ماتکردنی پاشاکەیە، کاتێک بە تەواتەی پاشا دەوستێندرێت و هیچ خانەیەکی نابێ بۆ ڕۆیشتن و هیچ مۆرەیەک نییە بیپارێزێت، لە ئاکامدا پاشا دۆڕاوی یارییەکە دەبێ.

کۆماری ئیسلامیش پاش زیاتر لە ٤٧ ساڵ یاریکردن بە مۆرەکان و دامەزراندنیان لەسەر خانە گرینگەکانی یاری شەترەنجی شێتان، تا کیش و مات بوونی یەکجاری، مەجالێکی زۆری نەماوە. بەدرێژایی دەسەلاتدارێیەتی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەسەر خاک و خەڵکی ئێراندا، بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە تاکوو نەک تەنیا ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، بەڵکوو تەواوی جیهان تووشی ناسەقامگیری بکەن و لە کۆتاییدا بە بڕوای ئەوان مێهدی ئاخر زەمان دەرکەوێت و جیهان ئارام بکاتەوە لە کێشە و ئاژاوەیەک کە بۆخۆیان هۆکارە سەرەکییەکەی بووگن. ساڵانێکە سیستەمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی

گرووپە بەستراوە و گوێ لەمستەکانییەوە شەڕی بە هەموو جیهان فرۆشتووە و خەونی گەورەی دروستکردنی "هیلالی شیعە" و بە دروستکردنی دوژمنگەلی فەرزی بۆ خۆی شەرعییەتی بە شەڕەکانی خۆی داوە و خەڵکانی نێو دەسەڵاتەکەی خۆی پێ هەڵخەڵەتاندووە و پاساوی بۆ هەموو جینایەتێکی هێناوەتەوە. ئێران و هێزە نیابەتییەکانی بۆ خولقاندنی کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبر ئامادەکارییەکەیان کردبوو و پێیان وابوو ئەمجارەش وەکوو ئەو شەڕانەی کە ساڵانی پێشوو دەیانکرد و دوای ماوەیەکی کورت ئاگربەست دەکرێ و هەموو شتێک بە قازانجی هێزە نیابەتییەکان و ئێران تەواو دەبێ و بەم شێوەیە زەبرێکی قورس لە ئیسرائیل دەدەن و ئێرانیش هەم لە ناو هێزە نیابەتییەکان و هەمیش لە ناوچەکە زیاتر هێژموونی خۆی دەسەپێنێ. بەڵام بەپێچەوانەوە دوای دەسپێکی شەڕی حەماس و ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوو بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی، حکوومەتی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی تووشی کۆتایی هاتنی مۆرە چێنراوەکانی دەبێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوە ئەو ڕیزە پارێزەرەی پێش بە تۆتالیتێر کۆتاییان پێ بێت و یاریزانی تۆتالیتێری شەترەنج کیش و مات بکرێت. دوای کوژرانی ئیسماعیل هەنییە لەنێو باوەشی خامنەیی لە تاران و کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا لە بەیروت، یەحیا سینوار لە غەززە و ڕێبەرانی دیکەی حەماس لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەرەی مقاومەت یان سەربازانی پێشەوی پارێزەری لە پاشای شێتی حکوومەتی تۆتالیتێر، ئێستا ئیتر پاسەوانێکی ئاوا نەماوە بۆ بەرگری لە کیش و مات کردن. یاریزانی بەخەیاڵ پاشای یاریی، بە نەمانی بەشار ئەسەد، کۆتا مۆرەی یارییەکەی لە سووریە و تێگەیشتن لەو بابەتەی کە وشترەکەی پێش دەرکەی بەشار ئەسەد بەمزووانە دەگاتە بەر دەرکەی خۆی و لە کۆتاییەکانی خۆیدایە و بە نەمانی مۆرە هەرە گرینگەکانی ناچار بووگە لە ترسا حاشا لە هێزە نیابەتییەکانیشی بکات و واش دەنوێنێنی کە هیچ پێوەندییەکیان بە یاریزانە شێتەکەوە نەبووە و نییە،

**چۆن لە سەرەتادا بۆ هەمووان ڕوون بوو، ئێستا بۆ خامنەیی واتە پاشای شێتی یارییەکە و دۆڕوای سەرەکی، ڕوونە کە لە دەستپێک تا کۆتایی کیش و ماتی دەمێنێتەوە بۆ دیکتاتۆر و تۆتالیتێر.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# کۆسالان، چیرۆکی هەرمانی خاک و خوێن



پاش ڕاگەیاندنی قۆناغی نوێ خەبات لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاویدا و دەسپێکی خەباتێک که دواتر بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناودێر کرا، پووشپەڕی هەمان ساڵ پۆلێک هاوسەنگەر بۆ تێکەڵاوکردنی خەباتی شاخ و شار بڕیاریان دا دیدار لەگەڵ خاک و خەڵکی ڕۆژهەڵات تازە بکەنەوە.

**ئەو کات ئەمن لە شاری سەوڵاوا سەرقاڵی ژیان و چاوەڕوانی ڕاپەڕاندنی ئەرکی نیشتمانی بووم.**

ئێوارەی ٤ی پووشپەڕ بوو. بەپێی هەڵکەوتەی شوێنی ژیان و کارەکەم جموجۆڵی نائاسایی هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیمم دەبینی. بەووشم زانیبوو کە پێشمەرگەکانی حیزب بۆ ڕاسانەوە جەولەیان بۆ نێوخۆ کردوە، بەڵام قەد بیرم لەوە نەدەکردبۆوە کە شۆڕەسوارەکان ئەوەندە لە نزیکیی مندا بن. هەستێکی نامۆ تەواوی گیانی داگرتبووم.

سەعات نیزیکەی دووی نیوەشەو بە دەنگی تەقە ڕاچەڵەکام. لە پەنجەرەی ماڵەوە سەیری ئاواییم کرد و بینیم هێزەکانی ڕێژیم و جاشەکان بەرەوە ئاوایی دووڕوو دەڕۆن. دڵەخورپە کەوتبووە گیانمەوە، هاکا ڕوحم ئێستا دەربچێ یان نا. ئۆقرەم لێ هەڵگیرابوو.

تا بەیانی چاوم لە کۆسالان کرد و دەمدی کە تەقە بۆ چرکەساتێک نابڕێتەوە. بەیانی زوو بەپەلە ڕۆیشتم تا دەرگای دووکانەکەمان بکەمەوە و گوێ هەڵخەم بزانم چ دەبیستم. لەگەڵ کرانەوەی دووکان جیرانەکانم هاتن و گوتیان ئاگادرای پێشمەرگە لە ئاوایی دووروووە؟ گوتم پێشمەرگە؟ ئاوایی دووڕوو؟ گوتیان بەڵێ پێشمەرگە لە کۆسالانن و کەوتوونەتە بۆسەی دوژمنەوە و بەداخەوە شەهیدیشمان داوە.

ئەوجار زیاتر ئۆقرەم لێ برا، زیاتر هەستی نائارامی بەرۆکی گرتم. بە موبایلەکەم پێوەندییەکم بە هاوڕێیەکەوە گرت، بەڵام بێ وڵام بوو.

کات نەدەڕۆیشت بەڵام ئەوە دڵ و هەناوی من بوو کە لە بێئۆقرەییان ڕەش هەڵگەڕابوو. نیزیک سەعات ١٠ی پێشنیوەڕۆ دەنگی موبایلەکەم ڕایچڵەکاندم.

– بەڵێ!
– وەرە سەر هێڵ.
چوومە سەر هێڵ. چاوم لێ کرد نووسیبووی لەلای تۆ چ باسە؟
بۆم نووسی نائارام.
وێنەیەکی نارد. کە وێنەم کردەوە بەسەر تەرمی خوێناویی شۆڕش مێنبەریدا کەوتم کە دوژمن بۆ ڕووخاندنی ورەی خەڵک
بڵاوی کردبۆوە.

ئەوجارە زانیم چە باسە و چی رووی داوە. ئەو شەڕە چەند ڕۆژێکی خایاند. هێزەکانی ڕێژیم تەنانەت لە شارەکانی دیکەشەوە هاتبوونە سەوڵاوا و بە تۆپ و خۆمپارە کۆسالانیان تۆپباران دەکرد. هێزی پێشمەرگە تەنیا ١١ کەس بوون، بەڵام هێزی دوژمنیان وەزاڵە هێنابوو . دوژمن بە دەیان برینداو و کوژراوی لە شەڕگەدا کەوتبوون.

٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥لە چیای کۆسالان ١١ شۆڕشگێڕ – شۆڕش مینبەری، ئەکبەر مینبەری، شاخەوان مینبەری، مەهدی شێخی ناسراو بە (مادیی تەوەریوەری)، ڕۆحوڵڵا حەیدەری، ئەفشار سوورە بوومە، ساحێب حوسێنی، هیوا قوربانی و بارزان حوسێنی کە کەوتبوونە بۆسەی هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە؛ دوای چوار ڕۆژ شەڕ و بەرگری بەداخەوە شەهید بوون.

دوو پێشمەرگەی دیکەی ئەو تیمە – کاوە جەوانمەرد و سەرکەوت سەمەدی – کە لە شوێنی شەڕەکە دەرباز ببوون، ١٠

ڕۆژ دواتر و لە ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕدا پاش شەڕێکی قارەمانانە و حەماسەخوڵقێنی لە گوندی بۆڕیەر شەهید بوون و بەو حەماسەیە کۆسالانیان کرد بە هێمای خۆڕاگری و هۆزەلیان کرد بە بڕوای بەرز و ئیرادەی لەگیرانەهاتوو. ئەوان بە بەخشینی گیانی خۆیان بوون بە سیمبوولی ورەبەخشی بۆ نەوەی داهاتوو و کۆسالان و هۆزەلیان کرد بە مەکتەبی هزر و تینی خەبات.

حەماسەخوڵقێنەرانی کۆسالان ئەم وتەیەی دوکتور قاسملووی ڕێبەریان کردبووە وێردی سەر زمانیان کە دەفەرموێ: دیواری هیوا و ئومێد لەسەر ئەو سیاسی و سەرکردانە هەڵەچنن کە باس لە ڕزگاریی نیشتمان و ئازادی گەل دەکەن، بەڵام ئامادەش نین خۆیان یەکێک بن لە قوربانییانی ئەو ڕێگا پیرۆزە. ئەوان بە کردەوە نیشانیان دا کە شۆڕشێکن لەنێو شۆڕشدا و شەهیدبوونیان ئەگەر چی خەسارێکی گەورە بۆ گەل و نیشتمان بوو، بەڵام بوون بە خوێنی تازەی نێو دەمارەکانی شۆڕش.

شۆڕشگێڕگەلێکی ڕاستەقینە کە تا کۆتایی ژیانیان شۆڕشگێڕ مانەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتووی وڵات وشیار بکەنەوە، حەماسەخوڵقێنەرانی کۆسالان و قەرەسەقڵ بە پێشکەش‌کردنی گیانی خۆیان نەوەگەلێکیان بار هێنا بۆ نیشتمان کە دوایە پڕ بە گەروو هاواریان دەکرد لە "هەموو شتێک زیاتر ئازادیتان خۆش بوێت". ئەمە بەرهەمی هزر و خوڵقاندنی شۆڕشێک بوو لە شۆڕشدا کە هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات خۆیان بە بەرپرسیاری ئازادیی وڵات زانی و ڕاسانی ڕۆژهەڵات بوو بە بانگەوازی ڕاسانەوەی میراتهەڵگرانی وڵات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

## ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا




**ئا: شیوا مورادیان**

**بە بەشداریی عەلی بداغی و ڕووناک فەتحی**

**ئاماژە:**

**"ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا" دێکیۆمێنتارییەک بوو کە شیوا مورادیان بۆ ٣٦ ساڵەی تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ئامادەی کردبوو و لە "کوردکاناڵ" بڵاو کرایەوە. تێکستی ئەم دێکیۆمێنتارییە عیرفان ڕەهنموون نووسیویەتی و بابەتەکە بە بەشداریی ڕووناک فەتحی و عەلی بداغی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات تاوتوێ کراوە.**

**دوکتۆر قاسملوو لە زۆر ڕووەوە، ڕێبەرێکی دەگمەن و ناوازەیە لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بە تایبەتی.**

**ئەگەر ئەندێشەی ئەو ڕێبەرە مەزنە لە دوو چەمکی سەرەکی و بونیادیدا کورت و چڕ بکەینەوە، دەتوانین بێژین کە**

چەمکەکانی مرۆڤ و ئازادی، تەوەری سەرەکیی ئەندێشەی دوکتۆر قاسملوون. بەو مانایە کە مرۆڤ بەبێ ئەوەی سیفەتێکی پێوە بلکێنرێ، ئازادە و ئەم ئازادییە، لە ڕوویەکەوە کانگای مەزنایەتیی مرۆڤ و لە ڕوویەکی دیکەوە، سەرچاوەی بەرپرسیارێتییە ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیەتی. بەو مانایە کە "چییەتی"ی مرۆڤ لە پێش "بوون"یەوە نیە و "بوون" ی مرۆڤ دەکەوێتە پێش ماهییەتی مرۆڤەوە. واتە مرۆڤ ئازادانە لەدایک دەبێ و ئازادانە، ماهییەتی خۆی ڕەنگڕێژ دەکات و بەرپرسیارێتی ڕەفتاری خۆی دەگرێتە ئەستۆ.

بەم شێوەیە، مرۆڤ ئازادانە و بە هەڵبژاردنەکانی و بە کردار و پەرچەکردارەکانی، پێناسەیەک لە خۆی دەخاتە ڕوو و ئازادی، ڕێگەی بۆ ئاواڵا دەکات تا مانا بە ژیانی خۆی ببەخشێ.

ئازادی و بەرپرسایەتی، دوولایەنی بونیادیی "بوون"ی مرۆڤن و بەو هۆیەوە کە ئێمە ئازادین، نابێ کەسی دیکە بۆ ناکامییەکانمان سەرزەنش بکرێ و چونکە، ئێمە خۆمان بەرپرسی گشت کار و کردەوەکانی خۆمانین و دەبێ بەرپرسیارێتیی باش و خراپی کردەوەکانمان وەئەستۆ بگرین.

**لە ئەندێشەی دوکتۆر قاسملوودا، ئەخلاق و سیاسەت بە پێچەوانەی نەریتی کۆن، لە زاتی مرۆڤ یان یاسای ئاسمانی و بانمرۆییەکانەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو هەڵقوڵاوی بوونی تاکەکەسی، ئازادی و بەرپرسیارێتییە.**



**ڕووناک فەتحی**

کاتێک باس لە ڕوانگەکانی دوکتور قاسملوو بۆ ئەخلاقی سیاسی و چەمکەکانی دیکە دەکەین، ئەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو وەکوو یەکێک لە ڕێبەرە بژاردە و دەگمەنەکانی کورد، توانی فەرهەنگێکی سیاسی تایبەت بە خۆی بێنێتە نێو



سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوەی کورد و ڕەنگدانەوەی هەبێ لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی. بۆیە کاتێک باس لە ئەخلاق لە سیاسەت بە مۆشەخەسی دەکەین دەتوانین بڵێین لە چەند ڕەهەندەوە یان لە چەند ڕوانگەی جیاوازەوە ئەم ڕوانگەیە کاریگەری هەبووە لەسەر تەواوی هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوکتور قاسملوو وەکوو ڕێبەرێک وە دواتر ئەم فکرە شۆڕ بووەتە نێو حیزبی دێموکرات و نێو بزووتنەوەی کورد بەشێوەیەکی گشتی.

ئەگەر لە چەند بوارەوە بڕوانینە ئەم پرسە یەکەم لەبواری فەرهەنگی سیاسیەوە دوکتور قاسملوو باوەڕی وابووە کە حیزبێکی سیاسی و شۆڕشگێڕ وپێشکەوتن خواز بە بێ بوونی فەرهەنگێکی سیاسی پێشکەوتوونخواز ناتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگا. بەتایبەتیش لەم پێوەندییەدا باس لە باوەڕ بە دێموکراسی، تۆلێرانس، پلۆرالیزم دەکا لە نێو بزووتنەوەی کورد وە دەتوانین بڵێین ڕوانگەی دوکتور قاسملوو بۆ فەرهەنگی سیاسی و نەهادینەکردنی وەک یەکێک لە بنەماکانی دێموکراسی لەنێو کۆمەڵگەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو ئاستی سەرەکی، یەکەم ئەوەیکە دێموکراسی تەنیا لە ئاستی دەسەڵاتێکی سیاسی وە مافی هەڵبژاردن و بەشداری سیاسیدا نەبینین، بەڵکوو پێش ئەوەی دێموکراسی لە نێوکۆمەڵگەدا وەکوو ساختارێکی سیاسی ببینێ، دێموکراسیی وەکوو فەرهەنگێکی سیاسی وێنا کردوە. واتە باوەڕی وابووە کە دێموکراسی پێش ئەوەی ساختارێکی سیاسی بێت وەکوو فەرهەنگێکی سیاسی لە کۆمەڵگەدا دەتوانێ نەهادینە ببێ وە فەرهەنگی تاک ئاکاری، ڕەووشتی تاک تێڕوانینی تاک بۆ دێموکراسی لە کۆمەڵگەدا دەبێ لە باری فەرهەنگیەوە ببێتە بەشێک لە باوەڕی تاکەکان. ئەم تاکە چ وەکوو تاکێکی شۆڕشگێڕ لەنێو بزووتنەوەیەکی سیاسیدا بێ چ وەکوو تاکێکی ئاسایی لە چوارچێوەی ژیانی ئاسایی خۆیدا بێ دەتوانێ بە فەرهەنگێکی سیاسی پێشکەوتن خوازەوە بڕوانێتە مافەکانی خۆی.

بۆیە لە ئاستی سیاسیدا ئەبینین دوکتور قاسملوو کاتێک باس لە دروشمی حیزبی دێموکرات دەکا باس لەوە دەکا لە سەردەمی خۆیدا دێموکراسی بۆ ئێران خودمۆدختاری بۆ کوردستان هەر لەم ڕوانگەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دوکتور قاسملوو دێموکراسی و ئەخلاقی سیاسی وەکوو یەکێک لەو بنەمایانە تەنیا بۆ نەتەوەکەی خۆی و گەلەکەی خۆی پێناسە ناکات، بەڵکوو باوەڕی وایە ئەوەی کە بۆ نەتەوەکەی خۆی وە بۆ تاکێک کە بۆخۆی بە ڕەوای دەبینێ وە پێ وایە دەتوانێ لەو سۆنگەوە دەتوانێ بە مافەکانی بگات دەبێ بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیشی بە ڕەوا ببینێ. بەتایبەتیش کە باس لە چوارچێوەی جوغرافیایەک بەناوی ئێران دەکرێ و گەلی کورد و نەتەوەیی کورد دەیەوێت لەو چوارچێوەیەدا بە مافەکانی خۆی بگا، پێ وایە دەبێ بە دێموکراسی نەهادینە ببێ وە لە چوارچێوەیەکی جوغرافیای وەکوو ئێران کە نەتەوەی جۆراوجۆری تێدایە کۆمەڵگەیەکی فرە تەنەوعە دەبێ تۆلێرانس زاڵ بێ وە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی سیاسییەوە دوکتور قاسملوو تەواو لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی ڕوانیویەتیە دێموکراسی. لە ڕوانگەی تاکیشەوە دێموکراسی وەک بەشێک لە فەرهەنگی سیاسیی تاک پێناسە دەکات و پێی وایە تاک هەتا لەباری کۆمەڵایەتییەوە خۆی لە گەڵ پێوەرە نێونەتەوەیەکان نەگونجێنێ خۆی لە گەڵ مافی مرۆڤ نە گونجێنێ، ناتوانێ لە چوارچێوەی ڕەوشت و ئاکارێکی سیاسیدا

بڕوانێتە مافەکانی.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەگەر بین لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە باس لە ئەخلاق لە سیاسەتدا بکەین دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تەشکیلاتی و دەروون حیزبی. لە ئاستی تەشکیلاتیدا دوکتور قاسملوو پێی وایە کە لە مۆدیرییەتی ئۆرگانیزاسیۆن بەتایبەتی بەرپرسان و ئەندامانی ئۆرگان بەگشتی کادری حیزبی دەبێ لە بەرپرسایەتی و مۆدیرییەت کردندا و لە ئەخلاق و ڕەوشت لە هەڵسووکەوتیان  چ لەگەڵ ئۆرگانی سەرەوەتری خۆیان چ لە گەڵ ئۆرگانی خوارەوەتر بتوانێ نموونە بێ. لێرەدا ئەوەی بۆ د. قاسملوو بنەمایە ڕێزگرتن لە یەکتر نە تەنیا مودیرییەت لە چوارچێوەی پرەنسیپێکی وشکی تەشکیلاتیدا بەڵکوو لەسەر بنەمای پێکەوە هەڵکردن لە گەڵ یەکترە و پێی وایە بەرپرسانی حیزبی دەبێ لە باری تەشکیلاتی لە باری مۆدیریەتی ئۆرگانی خۆیەوە پشت بە بنەمای ڕێزگرتن لە بیر و باوەڕی جیاواز بگرێ پێکەوە هەڵکرتن بکاتە بنەما نەتەنیا خۆی لە چوارچێوەی پرەنسیپێکی وشکی تەشکیلاتی وە دەستووردان و ئەمرو نەهی کردن سەر خوار و دەستییەکانی خۆیدا. بۆیە لێرەدا بۆی گرینگە کە مەسەلەی مافی مرۆڤی وە مەسەلەی ڕێزگرتن، مەسەلەی پاراستنی کرامەت بکات بە یەکێک لەو بنچینانەی کە لە بواری تەشکیلاتییەوە ڕەنگدانەوەی هەبێ لە سەر حیزبی دێموکرات، و بەتایبەتی کە حیزبی دێموکراتیش کە باوەڕی بە کرامەتی ئینسانی و مافی مرۆڤ هەیە دەیەوێ ئەم ئەسڵە بهێنێتە ناو ڕیزەکانی تەشکیلاتییەوە، وە بیکاتە بنەمایەکی باوەڕی بۆ تاکی حیزبی.

لە ڕاونگەیەکی دیکەوە د کە تەقریبەن تەواوکەری فەرهەنگی سیاسیی دوکتور قاسملووە ،گرینگیدان بە مافی مرۆڤە. چاو لە هەر بۆعدێکی فکریی دوکتور قاسملوو دەکەین چ بەرانبەر بە حیزبەکەی خۆی چ بەرانبەر بە بزوتنەوە بە شێوەیەکی گشتی وە تەنانەت بەرانبەر بە سەسەڵاتی نەیار و دوژمنی یەکێک لەو پێوەرانە کە ڕەچاوی کردوە پابەند بوون بە مافی مرۆڤە. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین کە دوکتور قاسملوو نە تەنیا کرامەتی ئینسانی و مافی مرۆڤی بۆ حیزبەکەی خۆی و بۆ تەشکیلاتی خۆی و بۆ بزووتنەوەکەی بەڵکوو لە ئاستێکی ناوچەی و جیهانیشدا وەکوو ڕێبەرێکی مۆدێرن وەکوو ڕێبەرێکی پێشکەوتنخواز ڕوانیویەتیە ئەم چەمکە. بۆیە مەسەلەی ئەخلاق لە سیاسەتدا دەتوانین بڵێین لە چەمکی مافی مرۆڤیدا ڕەتکردنەوەی ستەم کە وەکوو ڕیبەرێک دژی ستەم بووە، جا ئەم ستەمە، ستەمی چینایەتی بێ، ستەمی سیاسی یان ستەمی کۆمەڵایەتی بێ. هەر بۆیە دەبینین کە دەیهەوێ ئەم چەمکە بەیاسایی بکات لە نێو حیزبەکەیدا، هەر ئەوەی دێتە بەرنامەی دوارۆژی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمایی سۆسیالیزمی دێموکراتیک دادەڕێژێت  و دەیەوێ ستەمی چینایەتی و ڕەگەزی بسڕێتەوە لە کۆمەڵگەدا، دەتوانین بڵێین یەکێک لە بنەما فکرییەکانی دوکتور قاسملوو بووە بۆ ئەخلاق لە سیاسەتدا.

بەگشتی دەتوانین ئاوا ئەو چەمکە کۆ بکەینەوە کە لە سێ بۆعدەوە دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی ئاشتیخواز،

پێشکەوتنخواز،وە  هاوکات داهێنەر بووە. ئەو هەوڵی داوە چەمکی سیاسی مۆدێرن بێنێتە نێو کۆمەڵگە، بەڵام هاوکات واقیعبین بووە. ڕێبەرێک بووە کە کۆمەڵگەی خۆی خوێندووەتەوە، کۆمەڵگەی خۆی باش ناسیوە هەڵیسەنگاندوو، وە هەوڵیش داوە ئەو چەمکە سیاسیانەی کە دوکتور قاسملوو دایهێناوە بە مرووری زەمان بە پەروەردەیەکی سیستماتیک چ لە ناو حیزبەکەی خۆیدا وە چ لە ناو بزووتنەوەدا هەنگاو بە هەنگاو نەهادینەی بکات و بەخۆشیەوە کە ئەمڕوکە دەنینین هزری دوکتور قاسملوو بیری دوکتور قاسملوو لە تەواوی جۆمگەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگی داوەتەوە.

***

**ئەخلاق، خاوەنی ڕێساگەلێ نیە کە پێش بوونی مرۆڤ، بوونی لەپێشینەی هەبێ، بەڵکو بوونی، بەندە بە بوونی مرۆڤەوە وەک تاک و بوونی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵدا، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.**

لە ڕوانگەی شەهید قاسملووەوە، سیاسەت ئەکتێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ وەدیهێنانی گشت ڕەهەند و بوارەکانی ئازادی. لە ڕوانگەی ئەوەوە، سیاسەت نابێ ئامرازی تێرکردنی غەریزەی دەسەڵاتخوازی بێ، بەڵکو دەبێ گۆڕەپانێ بێ بۆ ئازادی و ڕەسەنایەتیی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت دەبێ بەستێنێ فەراهەم بکات کە مرۆڤەکان، ئازادانە بڕیار بدەن و هەڵبژێرن و ژیانێک بژین کە شایستەی مرۆڤ بێت و هیچ سیستمێکی سیاسی نابێ ڕێگەی پێ بدرێ کە کەڵکی ئامرازی لە مرۆڤ و کۆمەڵگە وەربگرێ و لەنێو سیستمی ئیدئۆلۆژیک دا بیتوێنێتەوە.



**عەلی بداغی**

ئەوەی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەرانی پێش خۆی و دوای خۆیشی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی خاوەن

گوتـار بـووە. یەک لە تەوەرە سـەرەکییەکانی ئەم گوتـارە سـەربەخۆ و تـايبەتەی دوکتـور قاسـملووش دێموکراسـی و دێموکراسیخوازییە کە هەمـوو ڕەهەنـدە فکری و خەباتکارییەکـانی دیکـەی د. قاسملوو بـۆ مانابەخشـین بەو دێموکراسـییە دەبەسـتێتەوە. ئەمە هەر قسـەی منی پێشـمەرگەیەکی حیزبـی دێموکرات نیە، بێرنـارد کۆشـنێر، وەزیـری دەرەوەی پێشـووی فەڕانسە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی د. قاسملوو لە پێرلاشێزی پاریسدا دەڵـێ: قاسملوو، ئەتـۆ هەمـوو ژيانـت لە پێنـاو نەتەوەکەت، ئازادی و دێموکراسی نەک هەر بـۆ کـورد، بەڵکوو بـۆ هەمـوو دنیـا فیدا کرد. یـان نووریی دێهکوردی، چالاکی چەپ و دۆسـتی نیزیکـی حیزبـی دێمـوکرات کە لە تێـرۆری مێکونووسـدا لەگەڵ د. شـەرەفکەندی شـەهید بـوو، لەو بـارەیەوە دەڵێ: قاسملوو لەماوەی سەرکردایەتی کردنی حیزبەکەیدا زۆر شتی فێری ئەنـدامانی حیـزبەکەی کرد، بەڵام بەبـایەخترینی ئەوانە دێموکراسی بوو"، بۆیە لەخۆڕا نەبوو کە نازناوی مامۆستای دێموکراسیی پێ درابوو.

ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە ڕابردوو و پێشینەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەتـایبەت حیزبـی دێموکرات بـدەینەوە، لەو کـاتەوە، واتە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٤٠ی هەتاوییەوە کە د. قاسملوو لە ئورووپاڕا دەگەڕێتەوە و ڕێبەریی حیزبی دێموکرات دەگرێتە دەست و ئێستا و داهاتووی ئەم حیزبە دادەڕێژێتەوە؛ دەبینین هیچ ڕێبەرێکی سیاسی و هیچ حیزبێکی سیاسی لە کوردستان بە قەت د. قاسملوو، و بە قەت حیزبی دێموکراتێک کە ئەو بناغەکەی دارشتۆتەوە، هەوڵـی بـۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا نەداوە. دێموکراسیخوازیی د. قاسملوو و تیۆریزەکردنی ئەو گوفتومانە لە خەبـاتی نەتەوەیی و سیاسیی گەلەکەیدا هەمووی لە پێناو دابینکردن و دەستەبەربوونی مافی چارەی خۆنووسینی کورد لە ئێران بـووە، تـا ئەو ڕادەیە کە دێموکراسـی بـۆ ئێـران پێش مـافی نەتەوەیـی بـۆ کـورد لەو وڵاتە دەخـا، چونکی ئەو دێموکراسـییە بە بنەمایەک و زەمانەتێک بۆ جێگیربوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەزانێت.

د. قاسملوو لە پانتاییەکی دیکەشدا، ڕوکن و پایەکانی دیکەی گوتارە تـایبەت و سەربەخۆکەی وەک فرەحیزبی و پلۆرالیزم هەر لە خزمەتـی ئەو دێموکراسـیخوازییەدا پێناسـە دەکـا. چـونکی بـاوەڕی وایە بەبـێ پلـۆرالیزم و کـۆکردنەوەی فرەیـی و جۆراوجۆرییە سیاسییەکان ناکرێ ئەو دێموکراسییە لە قەوارەیەکی سیاسی-جوغرافیدا شکڵ بگرێ و دەوامی هەبێ.

د. قاسـملوو بە ڕوونـی دەڵـێ دێموکراسـی بـۆ ئـێمە واتە پلـۆرالیزم و ئـازادیی ئەندێشـە و بیـروڕا و دەربـڕین. بەڵام ئەم دێموکراسـییەی لە وێژمـانی د. قاسـملوودا دەخوێنـدرێتەوە، دێموکراسـیی زۆرینـە نییە. واتە ئەگەر نموونە بە ئێـران وەک واحیـدێکی سیاسـی - جـوغرافی بێنینـەوە، نـاکرێ ئەو دێموکراسـییە ئـاکامی بڕیـاری زۆرینـەی ئەو وڵاتە بێت، چـونکی ئەم وڵاتە خۆی هەڵگری فرەیی و جۆراوجۆریی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی و کولتوورییە و دەبێ کۆمەڵە مافی تـایبەت بـۆ هەمـوو ئەو جۆراوجۆرییـانە قایـل ببین. بـۆیە ئەم دێموکراسییە لە ڕوانگەی د. قاسملووەوە دەبـێ توافوقی بێت. دێموکراسییەکی تەوافـوقی کە دەرفەتـی خـۆدیتنەوە و هاوبەشـیی سیاسـی بـۆ هەمـوو نەتەوەکـان، بـۆ هەمـوو حیزبەکـان و بـۆ هەمـوو

جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەی دەستەبەر کردبێت. ئەو مۆدێلە دێموکراسییە لە گوفتومانی د. قاسملوو، ئێستاش تاکەچارەسەری پرسی نەتەوەکان لە ئێران و مانەوەی وەک وڵاتێک بە شێوەی ئێستایەتی. فیدرالیزم وەک دروشمی ستراتیژیی ئێستای حیزبی دێموکراتیش کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەری بە پێی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و جوغرافییەکانی نەتەوەکانی ئێرانە، هەر لە چوارچێوەی ئەو گوفتومانەی د. قاسملوو و دێموکراسیخوازیی ئەودا پێناسە دەکرێت.

لە لایەکی دیکەوە خۆ ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ڕوکنێکی دیکەی گوفتومانی د. قاسملوو دابنێین، ئەمەش بە پێی دۆخ و هەڵکەوتوویی کورد لە ئێران هەر لە چوارچێوەی گوفتومانی دێموکراسیخوازیی د. قاسملوودا پێناسە دەکرێت. چونکی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان نەبێتە باوەڕ و دانی پێدا نەنرێ و دەستەبەریش نەکرێ، دێموکراسی جێگر نابێ. پێوەندیدار بە ئێران ئێمە دەبینین زیاتر لە ۱۰۰ ساڵە دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی فارس و ئایینزای شیعە بەتوندی سەرکوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازیی کورد لە ئێرانیان کردوە، بەڵام شۆڕشی ژینا و نەورۆزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دەریخست ئەوەی شکستی خواردوە هەر سیستمی ناوەندگەرای تاران بووە و حکوومەتی ناوەندی لە ئێران مەحکوومە بە دانانی بەوەی پرسی کورد تەنیا بە پێوانەکانی دێموکراسی چارەسەر دەبێ.

**لەو بارەیەوە د. قاسملوو نیزیک بە ٦٠ ساڵ لەوە پێش لە کتێبی "کوردستان و کورددا" بەو شێوەیە باس لە چارەسەری پرسی کورد دەکا و دەڵێ؛** "چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بە دێموکراسییەوە بەستراوە، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆخۆی بەشێکە لە دێموکراسی. مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر نابێ ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دێموکراتێکدا نەبێ و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتییش، دەبێ پێوەندییەکی دێموکراتی لەنێوان نەتەوەکاندا پێک بێ. دیارە ڕزگاریی تەواو لە زوڵم و زۆریی نەتەوایەتی و دابینکردنی یەکیەتیی نێوان نەتەوەکان تەنیا لە چوارچێوەی دێموکراسیدا ئیمکانی هەیە. واتە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە بوونی دێموکراسییەوە بەستراوەتەوە و هەرچی دێموکراسی زیاتر بێ، ئاسۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیش ڕوونتر دەبێ. ئەمە خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە خەبات بۆ دێموکراسی، خەبات بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیشە.

**ئەو ڕوانگەیەی د.قاسملوو لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە هەموو کۆنگرەکانی ئەم حیزبەدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە. لە بەرنامە و پێڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزبدا و لە ماددەی یەکدا هاتوە:** "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی

گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا".

**د. قاسملوو لە دوایین وتووێژی پێش شەهیدبوونی کە لەگەڵ عینایەت فانی و تەلەڤیزیۆنی بی بی سی لە سەفەری بێگەڕانەوەیدا کردبووی و ٢٠ ساڵ دوای تێرۆرکردنەوەی بڵاو کرایەوە، دەڵێ:** ئەگەر سەرنجتان دابێ ئێمە «دێموکڕاسی بۆ ئێران»مان وەپێش «خودموختاری بۆ کوردستان» خستوە، نەک لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئێمە دێموکڕاسی هەموویە و هەموو شتێکە و خودموختاری تەنیا بەشێکە لە دێموکڕاسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە بەبێ دێموکڕاسییەکی سەقامگیر لە ئێران، ئەگەر خودموختاری بەدەستیش بێنین ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا چەکەکانمان دەستەبەری پاراستنمانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ شتی دیکە لەجێی چەک دابنێین. ئەو شتەش کە دەتوانێ جێی چەک بگرێتەوە تەنیا دێموکڕاسییە. دوایە دێ بە زمانێکی سادە ئەو دێموکراسییە شی دەکاتەوە و دەڵێ دێموکڕاسی بۆ ئێمە یانی فرەیی (پلوڕالیزم)، دێموکڕاسی واتە ئازادی بۆ هەمووان، ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی زمانە نەتەوەییەکان، ئازادیی فەرهەنگ، ئازادیی حیزبەکان، دانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەدەستی خەڵک و ئێمە باوەڕمان وایە کە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک لە ئێران لە دوارۆژدا ناتوانێ ئامانجەکانی خەڵکی ئێران، گەلانی ئێران دابین بکا، مەگەر سیستمێکی دێموکراتیک نەبێ.

هەر لەو وتووێژەدا دوکتور قاسملوو دەڵێ ئێمە باوەڕمان بە دێموکڕاسییەکی قووڵ لە ئێراندا هەیە، دێموکڕاسییەک کە ڕێز بۆ مافەکانمان دابنێ، ڕێز بۆ مافی نەیارانیش دابنێ. چونکە بە باوەڕی ئێمە هیچ دێموکڕاسییەک بێ ڕێزدانان بۆ مافی نەیاران ناتوانێ هەبێ و هەربۆیەش ئێمە دژی هەموو ئەو ڕێکخراوانەین کە بەجۆرێک دەیانەوێ لە ئێران دیکتاتۆری دامەزرێنن.

ئەگەر بمەوێ بە کورتی ئاکامێک لەو باسە وەربگرم، دەبێ بڵێم کە دێموکراسی بۆ دوکتور قاسملوو ئامانجە هەرە بەرزەکە بوو. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەڵێ د. قاسملوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو پێش هەموو شوێنێک دێموکراسی لەنێو حیزبەکەی خۆی و کۆمەڵگەکەی خۆی کوردستاندا نەهادینە بکا و ئەگەر حیزبی دێموکرات لەو سۆنگەیە شتێکی لە دەست دەدا، د. قاسملوو دەیگوت ئەوە بەها و باجی دێموکراسییە کە دەبێ بیدەین. د. قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەگەر حیزبێک، یان وڵاتێک پێویستە دێموکراتیزە بن، دەبێ تاکەکان و کەسایەتییەکانی ئەم حیزبە دێمۆکرات پەروەردە بن و بە بنەماکانی دێموکراسی بار بێن. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پرەنسیپەکانی خۆی بۆ تاکی دێموکرات لە کۆمەڵە پێناسەیەکدا فۆرمولە بکا کە لە حیزبی دێموکراتدا بە "سیمای دێموکرات" ناسراوە.

لە گرینگترین بەندەکانی "سیمای دێموکرات"دا باس لە سەربەخۆیی سیاسیی تاکی دێموکرات و حیزبی دێموکرات کراوە کە

بێگومان سەربەخۆیی سیاسی کۆڵەکەی تیوریی دێموکراسییە و حیزبی دێموکرات لەپێناو ئەو سەربەخۆیی سیاسییەدا باجی زۆری لە مێژووی خەباتی خۆیدا داوە. دیارە خۆی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" باشترین بەڵگەنامەی تیوریک لەسەر بنەماکانی دێموکراسیخوازیی د. قاسملووە. دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دێموکراسی سێ جۆری هەیە کە دەبێ تەواوکەری یەکتری و پێکەوە بن. دێموکراسیی کۆمەڵایەتی، دێموکراسیی سیاسی و دێموکراسیی ئابووری. د. قاسملوو باسی ئەوەی دەکرد کە وڵاتانی سۆسیالیستی، دێموکراسیی ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەستەبەر کردوە، بەڵام بەلای دێموکراسیی سیاسیدا نەچوون، هەروەها لە وڵاتانی ڕۆژئاواییشدا دێموکراسیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابین کراوە بەڵام دێموکراسیی ئابووری بەدی نەهاتوە و بۆیە ئەو دوو سیستمە هەردوو ناکامڵ و ناتەواون. سێ ساڵ دوای تێرۆری د. قاسملوو بینیمان کە یەکیەتیی سۆڤییەت هەڵوەشا، ڕێک لە بەر نەبوونی ئەو دێموکراسییە سیاسییەی کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی بوو.

**لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم دێموکراسی گرینگترین توخمی گوتاری فکری و مەنزوومەی فکریی د. قاسملوو بوو.**

***

لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە، ئازادیی تاک بە مانای پێکهێنانی دورگەی تەریک و دابڕاو لە یەکتر نیە و تاک ناتوانێ ئازاد بێ و کۆمەڵگە یەخسیر و دیل.

هەربۆیە بەڕێزیان لایەنگری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادیی پێکهێنان حیزب و ڕێکخراو و سەندیکا و چاپەمەنیی ئازاد و دژی هەرچەشنە ئیدئۆلۆژییەکی داسەپێن و خۆسەپێن بوو.

**بەکورتی شەهید دکتۆر قاسملوو، داکۆکیکاری گونجاندنی ئەخلاق لە سیاسەتدا بوو و پێی وا بوو کە ئەگەر سیاسەتێ ئەخلاقی نەبێ، ناتەبایە لەگەڵ گەوهەری بوونی مرۆڤ دا کە ئازادییە. ئەخلاق لە ڕوانگەی ئەوەوە، چەمکێکی ئاسمانی و ئابستراکت و میتافیزیکی نیە. بەڵکو ئەخلاق، شیکردنەوەی خودی گەوهەری ئازادییە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تەنیا لە سیستمی دیموکراتیک دا، نرخ بۆ ئازادی، هەڵبژاردن و بیری ئازاد دادەنرێ و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، تەنیا دیموکراسی بە سیستمی ئەخلاقی دەناسی و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێداگری دەکرد:**

**"هەرگیز خەبات بۆ دیموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی و چینایەتی و تا حیزبی دیموکرات مابێ، دیموکراسی ئامانجیەتی"**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

## فەلسەفەی «دوژمنسازی» و قەیرانی ڕەوایی لە سیستمە ئایدیۆلۆژییەکاندا




لە فەلسەفەی سیاسی و تیۆریی دەوڵەتدا، ڕەوایی (Legitimacy) کرۆکی بنەڕەتیی مانەوە و بەردەوامیی هەر سیستمێکی فەرمانڕەوایە. ئەم ڕەواییە لە دوو سەرچاوەی دژبەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت: یان لەسەر بنەمای «ڕەوایی ئەرێنی» و دامەزراندنی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە لە نێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتدا بونیاد دەنرێت کە تێیدا خزمەتگوزاری، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆڤ دەبنە پێوەر؛ یان مانەوەی خۆی بە شێوازێکی تەواو ساختە، بە «ڕەوایی نەرێنی» لە ڕێگەی خوڵقاندنی بەردەوامی «دوژمنێکی دەرەکی یان نێوخۆیی» پاساو دەدات. کاتێک سیستمێکی سیاسی مۆدێلی دووەم هەڵدەبژێرێت، چەمکی «دوژمن» تەنیا گوزارشت لە ڕکابەرێکی کاتیی سیاسی ناکات، بەڵکوو دەبێتە بزوێنەری سەرەکیی دەزگای حوکمڕانی و فەلسەفەی بوون لە سیستمە تۆتالیتێر و ئایدیۆلۆژییەکاندا.

دروشمی ئایینیی «وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ» (تا ئەو پەڕی توانستان هێز ئامادە بکەن)، کاتێک دەکرێتە دروشم و هێمای فەرمیی دامەزراوەیەکی سەربازی و ئەمنیی وەک سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تەنیا ئەرکێکی تەکنیکیی سەربازی ناگەیەنێت؛ بەڵکوو دەبێتە دۆکترینێکی فیکری بۆ بەپیرۆزکردنی «دۆخی ئاوارتە و شەڕی هەمیشەیی». هەرچەندە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی مافی هەر قەوارەیەکی سیاسییە، بەڵام کاتێک «دوژمنسازی» دەبێتە تاقە ئەندازیاریی بیرکردنەوەی ستراتیژی و هۆکاری پاساودانی سەرکوت، گوتاری دەسەڵات لە

پاراستنی سەروەرییەوە دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی شەڕەنگێزیی بەردەوام کە لە غیابی تەنگژە و قەیراندا توانای ژیانی نامێنێت.

لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکێشەی حوکمڕانیی خۆی لەسەر سێ گۆشەی ستراتیژیی پرمەترسی دامەزراندووە: پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکی و درۆنی، چالاکییە چڕەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆم تا لێواری دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی (ئاستی ٦٠٪ و زیاتر)، و دروستکردنی تۆڕێکی فراوان لە میلیشیا بەکرێگیراوەکان لە سەرتاسەری جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. تاران لە ڕێگەی ئەم تەونە ئایدیۆلۆژییەوە هەوڵی داوە قوڵایی ستراتیژیی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی بونیاد بنێت تا قەیرانە قووڵە بنەڕەتییەکانی نێوخۆی پێ بشارێتەوە.

بەڵام باجی ئەم سەربازیکردنە شێتانەیە، لەناوچوونی بنەماکانی ئابووری، هەڵئاوسانی وێرانکەر، بێکاریی بەرفراوان، هەژارکەوتنی چینە جیاوازەکان و دارمانی بنەڕەتیی ئازادییە مەدەنییەکان بووە. ئەنجامی حاشاهەڵنەگری ئەم سیاسەتە، پچڕانی یەکجارەکیی پردی متمانەی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات، و لەدەستدانی تەواوەتیی ڕەوایی سیاسی بووە. کاتێک دەسەڵاتێک لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان و پەرەپێدانی مرۆییدا شکست دەهێنێت، پەنا بۆ خستنەگەڕی ترس و دروستکردنی پەردەیەکی دووکەڵاوی لە «شەڕی هەرەمەکی و دوژمنی خەیاڵی» دەبات تا هەر چەشنە دەنگێکی ڕەخنە و نارەزایەتی بە ناوی «سیخوڕی و خیانەت» دەمکوت بکات.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی شیکارییەوە چاو لە ئایندەی ئەم هاوکێشە لێکترازاوە بکەین - بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر، چوونە نێو قۆناغی شەڕی ڕاستەوخۆی سەربازی و دارمانی هاوکێشەی بەرپەرچدانەوە (**Deterrence**)ی کۆماری ئیسلامی - دەبینین کە دەسەڵاتی تاران گەیشتووەتە بنبەستێکی مێژوویی کە بە دوو ئاراستەی سەرەکیدا دەڕوات:

## شکستی سەربازی و ئیفلیجکردنی شادەماری دەسەڵات:

ئەو زەبر و هێرشە سەربازییە چڕانەی کە لە لایەن ئەمریکا، ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیانەوە کراونەتە سەر پێگە ستراتیژی، سەربازی و فەرماندەییەکانی ڕژێم و میلیشیاکانی، سەلماندیان کە تەواوی ئەو هەژموونە تەنیا بڵقی سەر ئاو بووە. ئەم لێدانە ڕاستەوخۆیانە نەک تەنیا بازنەی هەژموونی دەرەکیی تارانیان تێکشکاندووە، بەڵکوو سیستەمی فەرماندەیی و هێزی ئەمنیی ڕژێمیشیان لە نێوخۆدا تووشی ئیفلیجی و شۆکێکی گەورە کردووە.



سەرچاوە Serchawe

### تەقینەوەی گرێکانی نێوخۆیی:(The Domestic Implosion)

زەبری دەرەکی تەنیا دەبێتە خێراکەری دارمانەکە؛ لە کاتێکدا هۆکاری بنەڕەتیی هەرەسهێنانەکە لە قووڵایی کۆمەڵگەی پەراوێزخراو و تووڕەی ئێرانەوە هەڵدەقوڵێت. دەسەڵاتێک کە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی سفر بێت و تەنیا بە شمشێری تیرۆر و سەرکوت حوکم بکات، لە کاتی پاشەکشەی سەربازیدا دەبینێت کە بەرەی نێوخۆیی نەک هەر پاڵپشتی لێ ناکات، بەڵکوو ئەم بارودۆخە وەک دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ڕماڵینی دیکتاتۆری بەکار دەهێنێت.

لە گۆشەنیگای بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەی کورد و سەرجەم نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکەی نێو جوگرافیای ئێراندا، پرسە سەرەکییەکە تەنیا چۆنیەتیی ڕووخانی قەڵای ستەمکاری نییە، بەڵکوو دیسپلین و چۆنیەتیی ئاراستەکردنی هاوکێشەکانی قۆناغی دوای ڕووخانە. ئەزموونی دەوڵەتە تۆتالیتێرەکان سەلماندوویەتی کە ڕووخانی ستەمکار، ئەگەر لەگەڵ پرۆژەیەکی دێموکراتیکی پێشوەختەدا یەک نەگرێتەوە، دەکرێت زەمینە بۆ شێوازێکی دیکە لە ناوەندگەرایی و ستەمکاریی نوێ خۆش بکات.

**بۆیە، بۆ بەرەوڕووبوونەوەی شایستە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە و گۆڕانکارییە لەناکاوەکاندا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بەم سێ کۆڵەکەستراتیژییە هەیە:**

١- دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕ و دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، و هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێراندا.

٢- هۆشیاریی قووڵی مێژوویی بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی فاشیزمی ناوەندگەرا لە ژێر هەر پەردە و ناونیشانێکی نوێدا.

٣- ئامادەکردنی نەخشەڕێگایەکی سیاسی، یاسایی و دیپلۆماسیی تۆکمە بۆ قۆناغی گواستنەوە، لە پێناو چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بونیادنانی سیستەمێکی فیدراڵی و دێموکراتیک.

### دەرئەنجام:

مێژووی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان سەلماندوویەتی کە هیچ قەوارەیەک ناتوانێت لەسەر پایەکانی درۆ، زەبروزەنگ و

«دوژمنسازیی بەردەوام» ئاسایش و سەقامگیرییەکی بەردەوام بۆ خۆی بخوڵقێنێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمڕۆ لە بێڕەواترین و لاوازترین قۆناغی مێژوویی خۆیدایە؛ چونکە لە هاوکێشەی دەسەڵاتداریدا، مرۆڤ، دادپەروەری و ئازادیی کردووەتە قوربانیی خەیاڵپڵاویە ئایدیۆلۆژییەکانی.

**لە ئایندەی پێشبینیکراوی ئەم جوگرافیایەدا، سەرکەوتنی ڕاستەقینە و مێژوویی تەنیا پشکی ئەو نەتەوە و هێزە پێشەنگانە دەبێت کە بە خوێندنەوەیەکی زانستییانە بۆ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و بە پڕۆژەیەکی ڕوونی دێموکراتیکەوە، ڕێبەرایەتیی قۆناغی دوای دیکتاتۆری دەکەن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی**

---






سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ شیوا مورادیان بۆ ئامادەکردنی دیمانە، وتارو نووسراوەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

